هاوپەیمانیی ئاوەدانکردنەوە و گەشەپەدان: سودانی کاندیدمانە بە پۆستی سەرۆک وەزیران

ئەندامێکی هاوپەیمانیی ئاوەدانکردنەوە و گەشەپەدان دووپاتی کردەوە، محەممەد شیاع سوودانی، سەرۆکی هاوپەیمانییەتییەکە تاکە کاندیدمانە بە پۆستی سەرۆک وەزیرانی عێراق.

شەممە، 22ـی تشرینی دووەمی 2025، قوسێی مەحبووبە، ئەندامی هاوپەیمانیی ئاوەدانکردنەوە و گەشەپەدان، لە هەژماری خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی ئەکس کەموتووع بەدواداچوونی بە کردووە نووسیویەتی: من ماوەی دوو مانگە دەڵێم کە نووری مالیکی، کاندیدی حزبی دەعوە و هاوپەیمانیی دەوڵەتی یاسایە بە پۆستی سەرۆک وەزیرانی عێراق.

ئەو ئەندامەی هاوپەیمانیی ئاوەدانکردنەوە و گەشەپەدان، دەڵێت: "داوا لە لایەنەکانی نەو چوارچێوەی هەماهەنگیی دەکەین، کاندیدەکانیان بە پۆستی سەرۆک وەزیرانی عێراق ڕابگەیەنن، بە تایبەت ئەو لایەنانەی کە 25 کورسیی پەرلەمانی یاخود زیاتریان بە دەست هەناوە.

هاوکات ئاماژەی بەوە کرد، "ئەمەی هاوپەیمانیی ئاوەدانکردنەوە و گەشەپیدان، لە هەڵبژاردنی خولی

شەشەمی پەرلەمانی عێراق ملیۆنێک و 300 هەزار دەنگمان بە دەست هێناوە و 46 کورسیی پەرلەمانیمان هەیە".

جەختی لێوەش کردەوە، تاکە کاندیدی هاوپەیمانیی ئاوەدانکردنەوە و گەشەپیدان بە پەستی سەرۆک وەزیرانی عێراق، محەممەد شیاع سوودانییە.